# ئایا پێت بڵێم خۆشەویستترین وتە چییە لای خوای گەورە؟ بە دڵنیاییەوە خۆشەویستترین وتە لای خوای گەورە بریتیە لە: ( سبحان الله وبحمده )

لە ئەبی زەری غیفارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا پێت بڵێم خۆشەویستترین وتە چییە لای خوای گەورە؟ بە دڵنیاییەوە خۆشەویستترین وتە لای خوای گەورە بریتیە لە: ( سبحان الله وبحمده )».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (تەسبیح کردن)* خۆشەویستترین وتەیە لای خوای گەورە، چونکە تەسبیح کردن دانپێدانانە بە پاکی وبەرزی خوای گەورە لە هەموو کوموکورتی وعەیبێک وەکو هاوشێوە وشەریک وهاوبەش وهەر کەموکورتیەکی تر وەکو لادانی مولحید ولادەرەکان لە ناو وسیفاتەکانی، ووتنی (بحمده) (حەمد وسوپاس بۆ ئەو زاتە) ئەمە دانپێدانانە بە منەتی خودا بە سەر بەندەوە کە یارمەتی داوە کە یادی ئەو بکات، بۆیە ئەم زیکرە خۆشەویستترین زیکرە لای خوای گەورە کە بەندەکان دەیڵێن، چونکە دانپێدانانە بە شکۆداری وپاکی وپیرۆزی ئەو زاتە مەزنە، وستایشکردنی بە جوانترین وەسفەکان. *(تەسبیح کردن: لێرەدا مەبەست ئەم زیکرەیە کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە، بەڵام هەر زیکرێک (سبحان الله)ی تێدا بێت پێی دەووترێت تەسبیح کردن بە شێوە جیاوازەکانیەوە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5402

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee